# دەریاكانیش ڕاستێتی قورئان دەسەلمێنن

لە سەردەمی پێغەمبەردا درودی خوای لێبێت خورافات لە زۆر بواردا مرۆڤی ئەو زەمانەی سەرقاڵ كردبوو ، بۆ نموونە زۆر ناو دەریایان لا ترسناک بوو ، تەنانەت میسریەكان كە خاوەن شارستانیش بوون ، گیریان خواردبوو بەدەست خورافاتێكەوە كە ناچار برواشیان پێی هێنابوو ، ئەویش ئەوەبوو ساڵانە ئاوی نیل كەمی دەكرد ، بۆیە دایک و باوكی كچێكیان ڕازی دەكرد ، كەچەكەیان ببەخشن و بیڕازێننەوە و بیخەنە ناو ئاوی نیلەوە ، بۆ ئەوەی ئاوەكە زیاد بكاتەوە و لێ یان ڕازی بێت !!

دیارە ئەمەش لوتكەی نەفامی و نەزانی و خورافاتە......

ئەمە درێژەی كێشا تا سەردەمی عومەری كوری خەتتاب ، كاتێ عەمری كوری عاص لە میصر بوو ، سەیری كرد ئاوی نیل ڕوو لە كەمی یەو ئەوانیش دەیانەوێ كچێک هەڵبژێرن و بیڕازێننەوە و فڕێی بدەنە ئاوی نیلەوە ، بۆیە بەتوندی ڕووبە ڕویان بوونەوە و ڕێی لێگرتن و نامەشی نارد بۆ حەزرەتی عومەر و ئاگاداری كرد و داوای چارەسەری لێكرد ....

( عومەری كوڕی خەتتاب ) یش نامەی بۆ نووسیەوە و بۆی ڕوون كردەوە كە كاری وا لە ئیسلامدا ڕەوانیە و ئەوە خورافاتە ، وە ( بطاقە ) یەكیش نارد كەفڕێی بدەنە ئاوی نیلەوە كەتیایا نوسرابوو ، لە عومەری كوری خەتتابەوە ئەمیری بڕواداران بۆ ئاوی نیلی میصر ، لەدوایدا دەڵێم ئەگەر ئاوەكەت بە ئارەزوی خۆت دەڕوات ئەوا مەڕۆ ، وە ئەگەر بەفەرمانی خوایە ئاوەكەت دەڕوات ، من داوا لەخوای تاک و تەنها و بەدەسەڵات دەكەم كە ئاوەكە زیاد بكات و بڕوات .

که نامەکە گەیشت و ( بطاقه ) کەیان فڕێ دایە ناو ڕووباری نیلەوە بە فەرمانی خوا ئاوەکەی لەیەک شەو و ڕۆژدا ( شانزە گەز ) زیادی کرد ، بەوەش کەکەرامەتێکی ئاشکرای حەزرەتی عومەرە خوا میسریەکانی رزگارکرد لەو خوارافاتە .

ئالەو باروزروفەدا کە ئەوە حاڵی میسریە پێشکەوتووەکان بێ ، ئاخۆ حاڵی خەڵکی ئەو سەردەمە و زانیاریان لەبارەی دەریاکانەوە چەند بووبێ کە ئەوەندە بەلایانەوە ترسناک بووە نەیان وێراوە زۆر بچنە دەریاوە . ئالەم کات و زەمانەدا قورئان هات و باسێکی دەریاکانی کرد کە بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە کە زادەی بیری ئەو سەردەمانە نیە ، بگرە لەم سەدەی بیستەمەدا پاش لێکۆڵینەوە و گەڕانی زۆر لە دەریایەکاندا ، ئینجا دۆزرانەتەوە ، بۆ نمونە خوای گەورە دەفەرموێت :

{ مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ يَلْتَقِيَانِ ، بَيْنَهُمَا بَرْزَخٌ لَّا يَبْغِيَانِ ، فَبِأَيِّ آلَاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ، يَخْرُجُ مِنْهُمَا اللُّؤْلُؤُ وَالْمَرْجَانُ ، فَبِأَيِّ آلَاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ }

واتە : خوای پەروەردگار دوو دەریای سوێری لە پاڵ یەکدا داناووە بەیەکتری دەگەن ، لەنێوانیاندا بەربەستێک هەیە ( ناوچەیەک هەیە ) نایەڵێ بەیەکجاری تێکەڵ بن و وەک یەکیان لێ بێت .

جا ئیتر ئەی گرۆی ئادەمی و پەری بەکام لەناز و نیعمەتەکانی پەروەردگار بڕواناکەن و کامی پەسەند ناکەن ، لەو دوو دەریایە مرواری و مەرجان دەردەهێنن کە بەنرخن و بۆ خشڵ و خۆڕازاندنەوە بەکاردێن ، جا ئیتر ئەی گرۆی ئادەمی و پەری بەکام لە نازو نیعمەتەکانی پەروەردگار بڕوانەکان و کامی پەسەند ناکەن .....

( ئەم دوو دەریایەش وەکو دەریای سپی ناوەڕاست و زەریای ئەتلەسی ، دەریای سوور و دەریای عەرەب....) وە لەبەر ئەوەی دەفەرموێ کە لەهەردوکیان ( منهما ) ( لوء لوء ) دەردەچێ دیارە هەردوکیان مەبەست پێ یان دوو دەریای سوێرە چونکە ( مرواری ) تەنها لە ئاوی سوێردا دەردەهێنرێ .........

ئەم ئایەتە موعجزەیەکی گەورەی قورئانە ، چونکە لەدوای سالّی (**1950**) ز ەوە زانایان چەندەها بنکەیان دانا لەناو دەریادا و بۆیان دەرکەوت کەلەنێوان دوو دەریادا ، پلەی گەرمی و جۆری گیاندار و ڕووەک و سوێری و ...هتد جیاوازن ، تێگەیشتن کە هەمووی وەک یەک نیە و بەیەکجاری تێکەڵ نابن و هەروەک ئەوەی بەربەستێکی ئاوی هەبێ لەنێوانیاندا . پاشان بۆیان دەرکەوت لەنێوان دوودەریاکەدا ناوچەیەکی چەند کیلۆمەتری هەیە کە هەمووشتێکی لە دوو دەریاکە جیاوازە ، پلەی گەرمی و زیندەوەر و ڕووەک و هتد.... کە ئەوەش پێی دەوترێت ( برزخ ) ....

لە قورئاندا بۆ ئاوی شیرین و سوێریش هەمان باس دەکات کە بەیەکجاری تێکەڵ بەیەک نابن بەجۆرێک وەک یەکیان لێ بێ ، وە بەربەست هەیە لە نێوانیاندا و ( برزخ ) یش هەیە بەڵام ئەم بەرزەخە جیاوازە لەوەی پێشوو چونکە ماسی یەکان و گیاندارانی ناوی نابێ دەرچن بۆ ئاوەشیرینەکە یان ئاوە سوێرەکە ، وە هەروەها نابێ هیچ گیانلەبەرێ بێتە ئەو ناوچەیەوە لە ئاوە شیرینەکەوە یان لە ئاوە سوێرەکەوە ، چونکە ئەو گیانلەبەرانەی لەم ( برزخ ) ە دا دەژین ناتوانن لە شوێنی تردا واتە لە ئاوەشیرینەکە یان سوێرەکە دابژین ....

له کاتێکدا له نێوان دوو دەریای سوێرەکەشدا ( برزخ ) هەیە بەڵام ( حجرا محجورا ) نیە ، واته گیانلەبەرانی ئەو ناوچەیەی ناوەڕاست ئاسایی یە کە بچنە هەریەکە له دەریاکانەوە چونکە هەردوکیان سوێرن . باشه پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) ئەگەر خوا فێری نەکات ، چوزانێت کە بەناوچەی نێوان دودەریای سوێر بلێت ( برزخ ) ، ئنجا وەسفێکی زیاتر بۆ ناوچەی نێوان دەریایەکی سوێر و یەکێکی شیرینه بکات و بفەرموێ ( حجرا محجورا ) یه هەروەک دەفەرموێ :

{ وَهُوَ الَّذِي مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ هَذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ وَهَذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَجَعَلَ بَيْنَهُمَا بَرْزَخًا وَحِجْرًا مَّحْجُورًا } الفرقان

واته : خوایەکە دوو ئاوی شیرین و سوێری لای یەکەوە داناوە و ناهێڵێ بەیەکجاری تێکەڵ بن و یەکێکیان ئەوی تریان نەهێڵێ ، واته بۆ چەند کیلۆ مەترێک تێکەڵ دەبن ئاوی سوێر و شیرینەکە ناوچەیەک دروست دەکات له نێوان هەردولادا کە ( برزخ ) ە ، ئەو ناوچەیە سیفاتەکانی وەک شیرینی و جۆری زیندەوەرو چڕی و گەرمی و سوێری و.... هتد ، جیاوازە لەئاون شیرینەکە و لەئاوە سوێرەکەش وە نابێ هیچ گیانلەبەرێک لەملاو ئەولایەوە بێتە ناوی و نابێ لێشی دەرچن ...

بەراستی ئەم سیفە ورد و جوانە تەنها لەدەست خوا دێت کە عالمی غەیب و شەهادەتە ، ئەو خوایەی کە هیچی لێ ون نابێت و زانایە بەهەموو دروستکراوانی .

مامۆستا ( عبدالمجید الزندانی ) دەڵێ : ئەم ئایەتانە و چەند باسێکی تری قورئانیمان لەبارەی دەریاوە خستە بەردەم زانایەکی پسپۆڕی دەریایی هیندی ، پاش باس و خواسێکی زۆر دانی نا بەوەدا کە ئەم قورئانە له خواوەیە ، بەڵام نەی دەوێرا ئیسلامەتی خۆی ڕابگەیەنێ لەترسی کەس و کار و ماڵ و

منداڵی ، تا رۆژێک بینیمەوە زۆر پەشۆکا بوو لێم پرسی چیتە ئاوا شپرزەبوویت ؟؟ وتی : کێشەیەکم بۆ دروست بووە لەگەڵ فەرمانبەرێکدا لە فەرمانگەیەدا و زۆر زیانم لێ دەکەوێ و پێی عەیب دار دەبم .....

منیش ویستم زیاتر خوای پێبناسێنم و لەخوای نزیک بکەمەوە ، وتم ئەگەر دەتەوێت کێشەکەت چارەسەر ببێ ، لەسێ یەکی دوایی شەودا هەستە و خوای گەورە هەمووشەوێ لەوکاتەدا دێتە ئاسمانی دنیاوە و چیت هەیە داوای لێ بکە دوعات ( ان شاء الله ) قبوڵ دەبێت ....

پاشان ئەویش بەقسەی کردم و هەستا بۆ دوعا کردن ، بەیانی کە دەچێ بۆ فەرمانگەکە ، فەرمانبەرەکە لە دوورەوە بانگی دەکات و دەڵێت : فڵان ، فڵان ، هەقیقەتمان بۆ ڕوون بویەوە ....

ئەمەش وای لە زانایە کرد کە چاکتر موسوڵمان ببێ و زیاتر ڕووبکاتە خوا .